

# جلی بریقەداری کوردی

بەکارهێنانی جلی کوردی، وەك یەکێك لە بوارەکانی جوانکاری، هێما و دیمەنێکی گەورە لە مۆدەکانی جلوبەرگ بە گشتی لە خۆ دەگرێ، بەتایبەت ئەو جلانەی شێوازگەلێکی سەرنجڕاکێشی پڕ بایەخیان هەیە، لە یەکێك لە جوانترین دیمەنەکانی جلوبەرگدا، بریقە و ڕەنگدانەوەی جلەکەیە، لە جلی کوردیدا چەندین لایەن هەن کە بایەخیان پێدەدرێ و هەر یەکە بە مۆدە و شێوازێکی هەمە چەشنە کاری بۆ دەکرێ، یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی جلی کوردی بە بریقە کردن و ڕازاوەکردنیەتی، ئەمەش گوزارشت لە لایەنێك دەکات، بە بریقە کردنی جلی کوردی، بە دوو ڕێگەی سەرەکی ئەنجام دەدرێت، یەکەمیان کاتێك خوودی قوماشەکە خۆی بەبریقە دەبێ و یان لە نێوان دوو جۆرە قوماشدا دەتوانین ڕێکخیان بخەین، وەك بەکارهێنانی قوماشی ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی یان سپی، کە ئەوەش دەبێتە مۆدەیەکی بریقەدار، یان دەکرێ لە ڕێگەی دانانی پوولەکە و ئێکسسوارە بچووکەکاندا کە لەسەر قوماشەکە دەخرێ، بەم جۆرە بریقەداریی و ڕازاوەیی دروست دەکات، لەم دواییەدا، توانیویانە سوود لە لایەنی یەکەم وەربگرن، بە ئامادەکردنی قوماشی دوو ڕەنگە لە جلێکی کوردی بریقەدار.

**ئەرمانە فاشیۆن**

# ئێکسسواری سەر جل و جەستە



بەکارهێنانی ئێکسسوار، لە چەندین لایەن و بواردا کاری لەسەر کراوە، هەر ئێکسسوارێك بەپێی بایەخی خۆی پێداگیری لەسەر دەکرێ و ئامادەکاری بۆ دەکرێ، لەم ڕوانگەوە گرنگترین سوودەکانی ئێکسسوارەکان لە بواری جوانکاریدا خۆی دەسەپێنێ. ئەگەرچی لە پێشوودا ئێکسسوارەکان تەنیا لەسەر جلوبەرگ دادەنرا یان دەپۆشرا یان ڕاستەوخۆ لە جەستەوە دەخرێ، بۆیە ئێکسسوارەکان ئەوەندە بە نرخ دەبن، لە کاتێکدا بە چەندین ڕێگە بەکاردەهێنرێن، بەو دواییە توانراوە سوود لە شێوازەکانی ئێکسسوارەکان وەربگرن کاتێك لەسەر جلوبەرگ کاری نەخشاندنیان بۆ کردووە، ئەمەش وەك دیمەنێکی تازە لە بواری جوانکاریدا، یان لە شێوازی دانانی ئێکسسوار، ڕاستەوخۆ لەسەر جەستە، لە ڕێگەی نەخشاندنی ئێکسسواری ورد لە شێوازە جوان و ناسکەکانی ئێکسسواری ورد کە دەخرێتە سەر جەستە و بە ڕێگەیەکی هونەری دادەنرێ و سەرنجڕاکێشی و جوانی خۆی نیشان دەدات.




# ماکیاژی چاو لە شێوەی چاوی پشیلە !!



،(CAT MAKEUP)
یەکێکە لە رازاوەترین و ساناترین ماکیاژە رازاوەکانی بواری ماکیاژی چاو، لە کاتێکدا چەندین شێوەی جوان و رازاوەی دیکە لە ماکیاژەکان بەدی دەکرێ، بەڵام ئەوەیان نموونەیەکی زیندوو و لێهاتووی بواری ماکیاژە، شێوازی ئەم جۆرە ماکیاژە، دیزانێك بە چاو دەبەخشێ کە لە دوور و نزیکدا دیار دەبێ و هەنگاوێکی ناسك و پڕ جوانی نیشان دەدات، گرنگترین بەشی ئەو جۆرە ماکیاژە لە درێژکردنی لێوارەکانی دەرەوەی چاوە، بە تایبەت لەلایەنی دەرەوە، کە بەشێکی جوانی پێکدەهێنێ و دیمەنێکی ناسك لە خۆ دەگرێ، شێوازی لەم جۆرە ماکیاژە، بە رێگەی بۆیەی رەش یان کل و تۆخ کردنی دەرەوەی پشت چاوەکان دەبێت، لە کاتێکدا زۆربەی ماکیاژەکانی دیکە ماندووبوون و کارێکی گرانی دەوێ، بەڵام ئەوەش لە هەنگاوەکاندا کار ئاسانی بۆ دەکرێ و لە رێگەی رەش کردنی دەرەوەی پشت چاوەوە شێوەی چاوی پشیلە لەم ماکیاژە بەدی دەکرێ و بەمەش دەبێتە یەکێك لە مۆدە نایابەکانی بواری جوانکاری و ماکیاژی چاو.

# ستایلە پێشبینیکراوەکانی قژ بۆ ساڵی (٢٠١٤)







ستایلەکانی قژ، بە چەندین شێوازی رازاوە و جوان، لە ستایل و مۆدەکان ئەنجام دەدرێن و هەر نموونەیەك دەبێتە جۆرە تەسریحەیەك بۆ قژی خانمان، واتە هەر تەسریحەیەك دەکرێ بەکاربهێنرێ لەلایەن کۆمەڵە کەسێك، جوانیی تەسریحە لەوەدایە کاتێك شێوازێکی سادە و ناسکی هەبێ، بەڵام لە جوانییەکی گەورەدا خۆی ببینێتەوە، زیاتر ئەو مۆدانەی بۆ تەسریحەی قژ دادەنرێن، بریتین لە دوو جۆر، یەکەمیان قژی درێژ و ئەوەی دیکەش قژی کورت، دواتر دەچێتە ناو وردەکاری و شێوازی دیکە، لەم روانگەیەدا هەر تەسریحەیەك بەرەو جۆرێك لە ئامادەکاری دەچێ و دەتوانین لەو ستایلانەی بۆی دانراوە، هەنگاوێکی گرنگ ببەخشێت و لە ئامادەکاریشدا دیمەنێکی رازاوە و ناسکی هەیە، شێوازە تازەکانی تەسریحەی قژ، هەنگاوێکی کاریگەر وەردەگرێ و لەگەڵ ئەو جۆرە ستایلە خۆی دەنوێنێ، لە رێگەی ئامادەکاری بۆ ستایلێکی تەسریحەدا، گرنگییەگی ئەوتۆی هەیە لە ستایلەکانی قژی خانماندا، ئەوەی لەلایەن پسپۆڕانی بواری جوانکاری روونکراوەتەوە سەبارەت بە مۆدە پێشهاتەکان یان پێشبینییەکانی ساڵی داهاتووی (٢٠١٤)، گرنگییەکی سەرەکی بە مۆدەی قژ و تەسریحەی کورت دەدرێ، دواتریش هەر یەکە لە ستایلێك و شێوازێکدا بێت.



## شیر و بەرهەمە خۆماڵییەکانی کوردەواری

ویڕای ئەوەی لە وەرزی ساردی زستاندین و ئەم کاتەش هاوکاتە بۆ دانانی بێچووی گیاندارە خۆماڵییەکان، ئەم ماوەیەش بە ماوەی (مەڕ زان)، ناسراوە، لەم ماوەیە گیاندارە خۆماڵییەکان کاتی ئەوەیانە بزێن و بێچووەکانیان ببێ، لە دوای ئەوەشدا گوانی گیانداران پڕ شیر دەبێ، لێرەدا بێچووی مەڕ و بزن دەبێ،ئەوئاژەڵانەی تازە بێچوویان ببێ، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بۆ سێ ڕۆژ ناتوانرێت شیرەکەی ڕاستەوخۆ بەکاربێت و نابێت بە ماست و بەرهەماکانی دیکە، تەنیا پاش کۆکردنەوەی کەمێك دەکوڵێندرێت و پاشان بۆ خواردن بەکاردێت، دوای زانی ئاژەڵەکە لێرەشدا شیرەکانیان لەلایەن بێچووەکانیان دەخورێن، لەلایەکی دیکەشدا ئەو شیرەی تازە لە گوانی گیاندارەکان دەردەچێ، پێیدەگوترێ (کەرە)، دواتر هەمان ئەو کەرەیە دەکرێتە (فرۆ) ئەوەش دوای گەرم کردنی کەرەکە، بەهۆی ئەوەی شیری گیاندار لە دوای زان، شیرێکی بە پیتە و پڕە لە خواردنی بەهێز، بەرهەمە شیریەکان زۆر و هەمەجۆرن و دەتوانرێت لە شیردا چەندین بەرهەم بەدەست بێت، ئاسایی لە دوای دۆشینی مەر و ماڵات و ئەو ئاژەڵانەی کە شیردەرن شیرەکە کۆدەکرێتەوەو لە مەنجەڵی گەورە دەکوڵێندرێت بۆ ئەوەی بیکەن بە ماست یانیش لە مەشکە دەکرێت و دەکرێتە چەندین بەرهەمی تری وەك لۆر و ژاژی و قەیماغ و چەند بەرهەمێکی دیکە، بەڵام لە ئێستادا کە وەرزی زان و دووگیانبوونی مەڕو ماڵات و ئاژەڵە لە دوای زانی، ئەو بەرهەمەش دەڵێن (فرۆ) کە شیری خاوی ئاژەڵە بێ ئەوەی بگۆڕێت بۆ شتی دی.

## کێ یەکەم جار پێڵاوی پاژنە بەرزی لە پێکرد؟


لەم سەردەمەدا ئافرەتان گرنگی بەو لایەنە دەدەن و کە پێڵاوی پاژنەبەرز لەپێ دەکەن، ئەوەی سەیرە سەرەتای دەرکەوتنی پێڵاوی پاژنە بەرز دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە و یەکەمین تاقیکردنەوەی پیاو، لە کاتێکدا کارێکە پیاوەکان داهێنانیان بۆ کردووە و کەچی لەم ڕۆژگارەدا پیاوەکان ناتوانن لەبەری بکەن، مێژووی سەرهەڵدانی پێڵاوی پاژنەبەرز دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین کەس کە بیرۆکەی پاژنە بەرزی داهێنا و دواتریش پێڵاوی بە پاژنە بەرزی لەپێ کرد، بریتی بوو لە لویسی چواردەهەمی، شای وڵاتی فەڕەنسا لەساڵی (١٧٩٣) کە ئەوەش یەکەمین پیاو بوو پێڵاوی پاژنە بەرزی لە پێ کرد، بۆ زانیاری زیاتر، لە سەرەتادا پێڵاوی پاژنە بەرز بۆ پیاو دروست کرا و دواتر دراوە بە ئافرەت.



## وێنەکێشان بە جەستەی مرۆڤ



# کەپر و کۆشکی کـــــــــــــــوردەواری



کاری جـوان لە پێشـوو و ئێسـتادا لە ژیانی کـوردەواری جێگەی شـانازی و جوان و بایەخن، هـەر کارێك هۆکارێکی گرنگە لە ژیانی کـوردەواری و ئەمەش کـە دوای بیرۆکـەی جـوان و نایاب بە ئەنجام گەیەندراوە، دروسـت کردنی خانوو و شوێنی ژیان بەسەر بردن، کارێکی قورس بـووە، زیاتریش لە پێشـوودا خانووەکان لە قوڕ دروسـت کراون، بەهۆی داری شەقرە و کاریتەوە سەرەوەی خانووەکان وەستێنراون، لە کاتێکـدا دەبووایە لە وەرزی زسـتاندا سەرەوەی خانووەکان بکوترێتەوە بە باگردان تاوەکو ئاو نەدزێتە ناو سـەقفی خانووەکە، لایەنێکی دیکە لە دروسـت کردنی خانوو و شـوێنی تایبەت بە ژیانی کوردەواری، پێیدەگوترێ (کەپر یان کۆشك)، زیاتریش لە کەپرۆکە و کۆشکۆکە ناسراوە، بەهۆی ئەو شێوە بچووکەی هەیەتی، کەپر زیاتر لە هاوینان دروست دەکرێ، کە تەنیا سەرەوەی هەیە لە قامیش و داردا سەرەوەی دەگیرێت و سێبەر دروست دەکات، کۆشك و هۆدەش یەکێکی دیکەیە زیاتر لە وەرزەکانی دیکەدا دروست دەکرێن، وەك لە وەرزی زستاندا، ئەو کۆشکە بچووکانە زیاتر لە بەردی چیایی دروست دەکرێن، سەرەوەشی سواخ دەدرێ بە قوڕ یان بە کەرەستەی دیکە، کۆشك زیاتر لە شـوێنە بەرزەکان دروست دەکرێ کە ئاو نەیگاتێ و یان لە بناری گرد و شاخەکاندا دروسـت دەکرێت، تەنانەت سـوودیان لە کۆشك وەرگرتووە بۆ دانانی ئاژەڵان تاوەکو بەر سەرما نەکەون و بپارێزرێن لە باران، یان بۆ هەڵگرتنـی دانەوێڵە و خۆراکی ئاژەڵ بەکارهێنـراوە تاکو لـە ماوەیەکی دیکەدا بەکاریبهێنن.

**کاری وێنەکێشـان و دانانی وێنەی سێ رەهەندی یان وێنەیەکی بڵاو، ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە و دەکرێ لە سەرەتادا کاری وێنەکێشان ئەنجامێکی تەواوی هەبێ، بۆیە هەر حاڵەتێکی لەم جۆرە کاریگەری دەبێ لەسەر شێوازی وێنەکە، لە وڵاتی چیك لەلایەن ئەندازیارێکی بواری دیزاینی وێنە و گرافیك بە ناوی (هیسـۆڤیچ راودینگ)، هەڵسا بە دانانی بیرۆکەیەکی تازە و جوان، ئەویش بە دروست کردنی وێنەی (٣) رەهەندی، ئەم دیزاینەرە کاری بە بۆیە و تابلۆ نەکرد، تەنانەت وێنەی لەسـەر جەستەی مرۆڤ نەخشـاند، بە جۆرێك لە ئەنجامی چەماندنەوەی جەستەی کەسەکان و وێنەکەش دەردەچێ و شێوەیەکی جوان و سەمەرەی لێ دروست دەبێ.**





ئەم منداڵە بەهرەمەندەی دەیبینن، کە بەهۆی کارەساتێکی ئۆتۆمبێل قاچەکانی لەدەستداوە دوای چارەسەر و دروست کردنی قاچی دەستکرد، ئێستا بەبێ قاچ یاریی هۆکی و تێنس وەك هەر منداڵێکی دیکە یاریی خۆی دەکات و بە قاچە دەستکردەکەی هەڵدەستێتەوە و دەڕوات، ئەم منداڵە ناوی (جۆشوا)یە و لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکی دەژی.



## تانک شووشتن !

زۆر جار بینیومانە، کە مرۆڤ یان زیاتر کوڕە گەنجەکان لە نێو کۆڵانەکاندا ئوتۆمبێلەکانیان دەشۆن، ئەمەش وەك حەز و خولیایەکی گەنج بۆ پاککردنەوەی ئوتۆمبێل، بەڵام ئەوەی سەیرە لەم وێنەیەدا، لە وڵاتی ئۆکرانیا یەکێك تانکەکەی دەشوات و لەبەردەم ماڵەکەی خۆی وەستاوە و گوێ بەکەس نادات.

## وتەی ناوداران



**- (گابریل گارسیا مارکیز)، دەربارەی ئاشق بوون دەڵێ :**

باشترین ڕێگا بۆ لەناوبردنی خۆت، هەوڵبدە عاشقی کەسێك ببە بە ڕاستی، ئیدی ڕۆژانە خۆت دەمریت.

## زاخاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کارێز) بوو**


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕووەکێکی سرووشتییە و بۆنی خۆشە)
- پیتی خانەکانی (٧+٦+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەڵك بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (چوار وەرز چ شتێك پێکدەهێنن)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧)کۆ بکەیتەوە بە مانای (دوا (٤) پیتی وشەی کوردستان)





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەست بەناجێگیریی باری دەروونیت دەکەیت، گۆڕانکاریی لەناکاو بەڕێوەیەو ڕەنگە گرفتت بێتە پێش، بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکە باری داراییت باشتر دەبێت .



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەگەر خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگیت، ئەوا ئەمڕۆ جێبەجێی مەکە، چونکە ئەنجامێکی باش نابێت، لایەنی سۆزداریشت بەرەو باشی ناچێت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بارودۆخی ژیانت هەندێك گۆڕانکاریی تێدا ڕوودەدات مزگێنیی خۆشیشت پێ دەگات، دەرفەتێکی باشیشت بۆ ڕێکدەکەوێت لەبواری خۆشەویستییەوە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕەنگە ئەمڕۆ بەدڵی تۆ کارەکان نەڕوات بەڕێوە بەم شێوەیەی کە پلانت بۆ دارشتووە، بۆیە کەمێك دڵگیر دەبیت و ئارامی و هێمنیی خۆت لەدەست دەدەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەستێرەی ژۆپیتێر و نیپتۆن کە چوارگۆشەیان پێکهێناوە لەم ماوەیەدا ئامۆژگاریت دەکەن ئاگاداری باری داراییت بیت، لەگەڵ ئەوەشدا شادیت بەردەوامی دەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەوانەیە پەیوەندیت بەکەسانێکەوە بپچڕێت، ئەگەر بەتەمای پەیوەندییەکی سۆزداربیت ئەوا کاتەکەی لەبارو گونجاوە، بیری ڕەشیش لەمێشکت وەدەرنێ.

## وتە

**- گوێ مەدە ئەو کەسانەی کە لە پاش تۆوە باست دەکەن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە بەدوای هەڵەکانی ژیانی تۆدا دەگەڕێن لەبری ئەوەی هەڵەکانی ژیانی خۆیان چاك بکەن!**

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | ■ | |
| ٢ | | | ■ | | | | ■ | | ■ | | | |
| ٣ | | | | | | ■ | | | ■ | | | |
| ٤ | | | | ■ | | | | | | | ■ | |
| ٥ | | ■ | ■ | | | ■ | | | | | | |
| ٦ | | | | ■ | | | | ■ | | ■ | ■ | |
| ٧ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ٨ | | ■ | | | | ■ | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | ■ | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | ■ | | | | | |
| ١١ | ■ | | ■ | | | | | ■ | | | | ■ |
| ١٢ | | | | | | | | | ■ | | | |

## ئاسۆیی:

١- شاعیرێکی کوردبوو.
٢- دووپیتی نایە-هەڵۆ(پ)- هێز (پ).
٣- فەرهەنگ –هێند -ئارەزوو .
٤- ئامێرێکی موسیقایە (پ)- ناوێکی کچانەیە .
٥- بەشێکە لەلەش –ناوێکی کوڕانەیە (پ).
٦- پایە (پ)-پیتێکی Eیە.
٧- یاریزانێکی فەرەنسی بوو (پ)-پێنج پیتی خەزەلوس.
٨- فرسەت (پ)-شاعیرێکی کوردستانی باکورە (پ) .
٩- شارۆچکەیەکی سەربە دهۆکە (پ)-پێنج پیتی خەزەلوس.
١٠- روبارێکی کوردستانە (پ)-بەدار بەروویی پێی دەڵێن.
١١- چیایەکی کوردستانی باکورە (پ)- لەکوێ یە .
١٢- دامەزرێنەری میری سۆران –کەزی (پ).

## ستوونی:

١- شاعیرێکی کورد بوو .
٢- وەکو یەك –لاری ناوقەد براو –شاعیرێکی کورد بوو .
٣- خۆم پێستی چاو .
٤- هێز (پ)-بەتورك کردن .
٥- سەرکردەیەکی کورد بوو –کچە گۆرانی بێژێکی کۆچ کردوی فارسە .
٦- وەکو یەك –وەکو یەك –چوار پیتی بروس لی.
٧- هۆزێکە لە کوردستان – خواردنی ئاژەڵە .
٨- وڵاتێکە لە ئاسیا- سێ پیتی ماوە .
٩- گۆرانی بێژێکی عێراقیە (پ) .
١٠- سپێدە –دەنگی جوینی بنێشت (پ) .
١١- نیوەی رەوا- گۆڵچی یانەی ریال مەدریدە.
١٢- وەزیری راگەیاندنی هیتلەر بوو .

## ماناى خەون

- دەرگا: دەرگای کراوە دەرگای بەرەکەت و خۆشییە، چۆنیەتی دەرگای ماڵ چۆنیەتی ئافرەت دەردەبڕێ دەرگای دانەخراو یان دەرگای کراوە مانای ئەوەیە ئافرەتەکە بە تەمەنە، ئەگەر یەکێك دەرگای ماڵێکی لەئاسن دروستکراوی داخست ئەو کەسە هاوسەرگیری دەکات و ئەگەر ئافرەتیش بوو شوو دەکات، تێکچوونی دەرگا مانای تێکچوونی باری ژیانی خاوەن خانووەکەیە، دەرچوونی دەرگا لە جێگەی خۆی یان سووتان یان شکانی کارەساتە، دەرگای بچووك لە ناوەڕاستی دەرگای گەورەدا ببیندرێ باش نییە، چونکە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی نهێنیی ئەو ماڵە، دەرگای نوێ و پتەو جوان زۆر باشە و باری دانیشتوانی ماڵەکە دەردەبڕێ، ئەوەی لە خەودا دەرگای زۆری لە بەردەمدا بکرێتەوە کاروباری لە ژیاندا چاك دەبێت دەرچوون لە ژوورێکی تەسك و تاریك بە ڕێگەی دەرگایەکەوە بۆ گۆڕەپانێکی سەوزو فراوان مانای رزق و خۆشی و کامەرانییە چوونە ژوورەوە لە دەرگایەکی نەناسراو سەرکەوتنە بەسەر کەسێکی خراپ.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی داستانێکی کوردیت بۆ دەردەچێت :

و ە ز م ن م ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو: پیرخەنی



قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەندێك گۆڕانکاری بەرەو کێشەت دەبەن بەتایبەتیش لەبواری داراییەوە، بۆیە ئاگاداری خۆتبەو لەهەموو کارێك نزیك مەبەرەوە.



شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چەند پێشهاتێك دێتە پێشەوە کە پاڵت پێوەدەنێت لەبواری کۆمەڵایەتیدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئاگاداری باری تەندروسیتت بە.




گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دڵت شاد دەبێت و کەمێك دەحەسێیتەوە و لەکێشەو گرفت رزگارت دەبێت، هەروەها شادو گەشبین دەبیت لەئەنجامی هەڵسوکەتی کەسێکی نزیکت.



گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئاسۆ ئاماژە بەکرانەوەی دەرگایەکی نوێ دەکات، هەروەها بارودۆخێکی خۆشی رۆمانسیت دێتە پێش و چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگ ئەنجام دەدەیت.



گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زۆر ئاگاداری خۆت بەو بیروڕای خۆت بەزۆر مەسەپێنە بەسەر کەسانی دیکە، هەروەها لەبواری تەندروستییەوە هۆشیاربە زیاتر گرنگی بەخۆت بدە.



نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر لەم ماوەیەدا بەکاری کڕین و فرۆشتنەوە خەریکیت ئەوا پێویستە زیاتر بچیتە ناو وردەکارییەکانەوە، هەروەها لەوانەیە ئارەزووەکەت بێتە دی کە کاتەکەی گونجاوە.



## نوکتە

■ جارێکیان مامۆستایەکی وانەی زیندەوەرزانی لە قوتابییەکانی دەپرسێ، ناوی گیاندارێکم بۆ بهێنن لە ناو ئاو و وشکانی بژی، ئەویش دەڵێ: بۆق، لە قوتابییەکی دیکە دەپرسێ و ئەویش نازانێ، دەڵێ : بۆقێکی دیکە!

■ پیاوێك رۆژێك لە ماڵ دەبێ و زۆریش تورە دەبێ، هەڵدەستێتەوە و هاوار دەکات و دەڵێ: دەڵێم خۆم بکوژم و ئێوەش هەموو بکوژم و ئینجا برۆمە جێگەیەکی دوور و قەد نەگەڕێمەوە !